# ئەمریکای باشوور و پۆستکۆلۆنیالیزم

نووسینی: تۆماس براندبێری
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: کاوە ئەمین

لای کەس شاراوە نییە کە ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لەم چەند ساڵەی رابردوودا لە ئەمریکای لاتین ڕوویانداوە، وەکو "شەپۆلێکی چەپ" پێناسە دەکرێن. ئەم چەمکەش خۆی لە خۆیدا مانای هەڵخەڵەتاندن نییە، بەڵکو لە دەستپێکی سەدەی بیستویەکەمەوە لە زۆر لەو وڵاتانەدا ڕێژیمەکان گۆڕان و سیاسەتێکی چەپگەرایی جێگایان گرتوونەتەوە. هەڵبەت دەبێت ئەوەشمان لە بیر بێت کە گۆڕانکارییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازن. لە بەردەوامی ئەمەشدا، کوبا(Kuba) ی لێ دەرچێت، هەتا ئێستا ئەو وڵاتانە خۆیان بە سۆسیالیزمەوە نەبەستۆتەوە، بەمانا کۆنەکەی.
کوبا لە ساڵانی شەستەکان بەدواوە، وڵاتێکی سۆسیالیستی بووە و لەبەر ڕووناکایی پێناسەی سۆسیالیزیم بنیاتنراوە و دەتوانین بڵێین هیچ ڕیفۆرمێکی وای نەکردووە کە شایەنی باس کردن بێت لە پێوەندی لەگەڵ دیموکراتی یانیش بە ئاراستەی کاپایتالیزم. لەگەڵ ئەوەی کە کوبا سەرچاوەی ئیلهام بووە و هەیە بۆ زۆرێک لە ڕێکخراوە چەپەکانی ئەمریکا لاتین، بەتایبەتیش لە سەردەمی جەنگی ساردا، بەڵام ئەمڕۆ هیچ کام لەو وڵاتانەی ناوچەکە وڵاتی نادیموکراتی و هەژاری کوبایان نەکردۆتە نمونە بۆ خۆیان.
لە جیاتی ئەوە فەنزویلا بووەتە کلیلی دەرگاکان. سەرۆکی ئەو وڵاتە سەرکۆمار هوگۆ چاڤێز( Hugo Chavez)، سەرەڕای هەندێک نیشانەی پرسیار لەسەردانان، سەرگەرمی ڕەوایدانە بە دیموکراتی، دروست بە پێچەوانەی ڕێژیمی کوباوە، بە هۆی ئەو داهاتە گەورەیەی کە لە نەوت دەستی دەکەوێت، ئیحتیمالاتێکی گەورەی لەبەردستدایە بۆ چالاککردنی سیاسەتی دەرەوەیان. ئەو مۆدێلە بەهێزەی فەنزوێلا لە پێوەندی لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی سامانە سروشتییەکان کە خەرجی ژمارەیەکی زۆر لە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەدرێت، بووتە هۆی تێڕامان و سەرنج لێدان!.
لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا هەڕەشە لەسەر دەستەڵاتی چاڤێز نییە، سەرەڕای ئەوەی کە نرخی نەوت لە بەرزبوونەوەدایە، بەڵام بەدگومانی و قەلەقی ئەوەش هەیە کە هۆگۆ چاڤێس بتوانێت ئەو هەموو ئارەزووە زۆرانەی کە هەیەتی بەدی بێنێت. ئەگەر باری ئابووری گەشە نەکات وەکو ئەوەی کە لە فەنزوێلا هەیە، ئەوا ئەو داهاتە زۆرەی کە لە بەردەستی دەستەڵاتی ناوەندیدایە، نابێتە هۆی هێنانی ڕەفاهییەتی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی ئابووری. دەکرێت وەک میناک ئەفریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنینەوە. ئەو گەندەڵییەی کە لە فەنزوێلا هەیە، کێشەی گەورەی لێ دروست دەبێت. ئەو وڵاتە هەر لە پێش گرتنەدەستی دەستەڵات لە لایەن(هۆگۆ چاڤێس)ەوە، دووچاری گەندەڵی ببوو، بەڵام بە گوێرەی قسەی(Transparency International)، هەتا ئێستا ئەو شەڕەی کە هۆگۆ لە دژی گەندەڵی هەڵیگرساندووە، نەگەیشتووەتە ئامانج. لە جیاتی ئەوە دژەگەندەڵی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە وەکو دوومەڵێکی سەرەتان ئاسایی هەنگاوای بۆ دواوە ناوەو چووتە نێو پارتەکانەوە لە وڵاتانی وەکو کامبۆجیا و کۆماری کۆنگۆ.
لە بەردەوامی ئەمەدا فەنزوێلا هەتا بڵێی بە(سەروەتی نەوت)ەوە خۆی شەتەک داوە و، شیمانەی ئەوە دەکرێت کە ئەوان کێشەیان هەبێت لە پارێزگاری کردن لە بەرهەمهێناندا. دەرهێنانی نەوت لەو چاڵە نەوتانەی کە بە ئاسانی دەتوانرێت نەوتیان لێ دەربهێنرێت ڕوو لە کزییە و لە زۆر لاشەوە باسی ئەوە دەکرێت کە کۆمپانیای نەوتی سەر بە دەوڵەت(PDVSA) کاریگەری کەم بۆتەوە ئەمەش

بەهۆی ئەو کۆنترۆڵە دەوڵەتییەی کە لە چەند ساڵی ڕابرووەوە بەرز بۆتەوە. تێڕوانینەکان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ دەوڵەت چەند نەوت دەردەهێنێت، جیاوازن و لەم پێوەندییەدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فەنزوێلا تاوانبار دەکرێت بەوەی کە بەخەمساردییەوە ڕووبەرووی گرفتەکان دەبێتەوە. هەرچۆنێک بێت، فاکتەرێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە پلانە بەربڵاوەکانی چێڤاز دووچاری هەرەسەێکی گەورە دەبن ئەگەر داهاتی نەوت کەم ببێتەوە.

ئەمڕۆ لە فەنزوێلا باس لە "سۆسیالیزمی سەدەی بیستویەکەم" دەکرێت و خیتابی چاڤێس لەهەموو بوارەکاندا کەوتۆتە ژێر فشارەوە. هەروەها چاڤێس داوای ئەوە دەکات کە خۆی ڕاستەوخۆ حوکمی وڵات بکات، ئەمەش دەبێتەوە هۆی ئەوەی کە دەستەڵاتێکی ڕەهای گەورەی بکەوێتە دەست. ئێستا هەندێک پلان لەمەڕ خۆماڵیکردن لە بوارەکانی پەیوەندیکردن(کۆمۆنیکەیشین) تیلەکۆم و بوارە "ستراتیژییەکان"ی دیکەدا بکرێت. داهاتوو ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کە ئاخۆ چاڤێس دەیەوێت تا کوێ بڕوات، بەڵام لەبەردەوامیدا ڕوون نییە کە ئاخۆ چاڤێس تا چەندە لەگەڵ "سۆسیالیزمەکەیدا" دەڕوات و تا چەند کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ئابووری دا دەنێت. ئەوەی کە نهێنی نییە ئەوەیە، چاڤێس نایەوێت گۆڕانکارییەکان تەنها لە سنووری وڵاتەکەیدا قەتیس بکات، بەڵکو دەیەوێت هەموو ئەمریکای لاتین بگرێتەوە. بەربەستی گەورە لەبەردەم گواستنەوەی مۆدیلێکی جڤاکیدا کە لەسەر بنەمای داهاتی لەبن نەهاتووی نەوت دامەزرابێت ئەوەیە کە ئەم مۆدیلە بۆ وڵاتانێک بگوێزیتەوە کە هەژارین و نەوتیان نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا چاولێکەرێکی وەکو(Evo Morles) کە سەرکۆماری بۆلیڤیایە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ وە سەرکۆمارە، لە سێبەری ڕۆحی چاڤێسدا، مۆرلیس هەموو ئەو پەیمانانەی هەڵوەشاندەوە کە وڵاتەکەی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا بەستبوونی بۆ دۆزینەوەی نەوت و غاز لەو وڵاتەدا.

ڕاستییەکەی ئەو تەوژمی چەپگەراییەی کە ڕووی کردۆتە لاتینی ئەمریکا گەورەترە لەوەی کە لە ڤەنزوێلا و بۆلیڤیا هەیە، ئەمەش خۆی نیشانیەیەکە کە ئەم دیاردەیە چەند لایەنەیە.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ وە سەرکۆمار ئیناسیۆ "لولا" داسیلڤا کە سەرکۆماری بەرازیلە کە خۆی ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ نێو نەقابە کرێکارییەکانی بەرازیل و پێوەندییەکی باشیشی لەگەڵ کاسترۆ و چاڤێسدا هەیە، بەڵام چەپە رادیکاڵەکان هەر زوو لە سیاسەتی "لولا"، لا لوت بوون. ئەوە ڕاستییەکە کە لولا کۆمەڵێک ڕیفۆرمی لە سیاسەتی باجدانی ئەو وڵاتەدا کردوە کە هەژارەکان لێی سودمەند بوون، بەڵام ئەو ئەمەی لە چوارچێوەی سیاسەتی تێکەڵاودا کرد. بەرازیل، بەتەواوەتی هاوکاری فۆندی دراوی نێودەوڵەتی(IMF) دەکات کە ئەمەش وەکو خێویکی سوور لە لایەن چەپەکانەوە تەماشا دەکرێت. بەم دواییە(لولا) جارێکی تر بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردرایەوە ئەمەش بەهۆی لاوازی ئۆپزیسیۆنەوە بوو، بەڵام هەم چەپەکان و هەمیش چینی ناوەڕاست نائومێدن لەم سیاسەتە.

لە بەراورد لەگەڵ بەرازیلدا، ئەرجەنتین لە ژێر ڕابەرایەتی سەرکۆمار نیستۆر کریستچنەر، لە شانەکانی(فەنزوێلا – بۆلیڤیا)وە نزیکە، ئەمەش بەرهەمی ئەو مامەڵەکردنە ئیجابییەی بۆلیڤیایە لە پێوەندی لەگەڵ مەرجەکانی گواستنەوەی غازدا. ئەرجەنتین سیاسەتێکی ئابووری نەرمتری لە بەراورد لەگەڵ بەرازیلدا پیادەکردووە، لەنێویاندا هەڵوەشاندنەوەی کارکردن لەگەڵ فۆندی دراوی نێودەوڵەتی و، یەکلایەنەیەش بڕیاری داوە دانەوەی قەرزە دەرەکییەکانی ڕابگرێت. بەوشێوەیەش بە هوشیارییەوە قیمەتی دراوی خۆیان کەمکردۆتەوە تا بتوانن بەرهەمی پیشەسازی خۆیان بنێرنە دەرەوە، جێگای سەرنجە کە هەتا ئێستا نەتیجەیەکی باشی هەبووە. کریستچنەر وەکو کەسێکی هەلپەرست(پۆپولیست) تەماشا دەکرێت و ماسی لە تەوژمی رادیکاڵی چەپەکاندا دەگرێت بۆ

پشتیوانی لە سیاسەتی خۆی. هاوکات دەبێت بە گومان بین لەوەی کە بتوانین ئەو سیاسەتەی کریستچنەر وەکو چەپ پێناسە بکەین. میلیتانتە چەپە چالاکەکان کە بە Piqueteros ناویان دەبرێت، لە لایەن دەوڵەتەوە دەلاوێنرێنەوە بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانن کاریگەریان لەسەر دابنێنن.
بەرازیل و ئەرجەنتین دوو وڵاتن کە شتی هاوبەشی ئابووری لێکچوویان هەیە و تا ڕادەیەکیش لە ناردنەدەرەوەی کاڵاکانیان، ڕەقیبیان کەمترە. کاتێک چاڤێز ڕاستەوخۆ فابریکە نەوتییە دەوڵەتییەکانی خستە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، لە پڕێکدا کۆنترۆڵی بەشێکی گەورەی داهاتی هەناردەی وڵاتی کەوتە ژێر چنگەوە. ڕێژیمەکانی بەرازیل و ئەرجەنتەین ناتوانن هەمان شت بکەن.
زۆربەی وڵاتانی ناوەڕاست و خواروی ئەمریکا لە لایەن ڕژێمگەلێکەوە بەڕێوە دەبردرێن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان سەر بە چەپەکانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەودای نێوان بیربۆچوونە سیاسییەکان زۆر گەورەن. بێجگە لە کوبا، ڤەنزوێلا و بۆلیڤیا کە نوێنەرایەتی ئەلتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵ دەکەن، هاوکات چیلی کە لە لایەن کوالیشوێنێکی ناوەڕاست و چەپەوە بەڕێوە دەبرێت، کە لە لایەن بازاڕی لیبراڵەوە وەکو میناکێکی پۆزەتیڤ لە پێوەندی لەگەڵ گەشەی ئابووری و بەرەوباشبوونی باری کۆمەڵایەتی، چاوی لێدەکرێت.
لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ئەم ڕێژیمانە لە تەنگەژەیەکی هاوبەشدان. سیاسییەکان دەبێت هەم سیاسەتێکی پۆپۆلستیانە و رادیکالانەی ئاشکرا بەرێوەبەرن و هەمیش خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئابووریەکی ڕاستەقینە. لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین سیاسەتێکی دژەئەمریکایی بەڕێوە دەبەن بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر پێویستان بە پێوەندی بازرگانی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە. ئەوەی کە چۆن بتوانرێت هاوسەنگی ئەم هاوکێشەیە ڕابگیرێت، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بەڵام تارماییەکەی لە هەموو شوێنێک دەبینرێت. دانیاڵ ئۆرتێگا کە ئێستا سەرکۆماری نیکاراگوایا لەهەوڵی ئەوەدایە کە پێوەندییەکی باشی هەم لەگەڵ ڤەنزوێلا و هەم لەگەڵ ئەمریکادا هەبێت.
نمونەیەکی دیکە سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئێکوادۆ(رافایل کۆرا) یە. رافایل مارکسیزم ڕەتدەکاتەوە بەڵام خۆی دەسپێرێت بە "چەپە کرستیانەکان"، ئەوەش ڕێچکەیەکی ڕووناکبیریانەیە تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت رادیکاڵە چەپەکان و هاوکات باوەڕدارە دینییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. کۆردا دەیەوێت گۆڕنکاری لە قانوونی ئەساسیدا بکات و مامەڵەیەکی تازە لە پێوەندی لەگەڵ قەرزەکانی وڵاتەکەیدا لەگەڵ سندوقی دراوی نێونەتەوەییدا دەسپێ بکات. ئەمە سیاسەتێکی ریاکارانەیە بەڵام ئەگێندای سیاسی ئەو هێشتا نادیارە. بۆ نمونە ئەو دەیەوێت تا ماوەیەکی دیاری نەکراو دۆلاری ئەمریکی وەکو دراوی ئەو وڵاتە بەکاربهێنرێت.
بەڵام مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت ئەی کەوایە بۆچی لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین دەنگەدەران دەنگ بە چەپەکان دەدەن؟ ئەم پرسیارەش کۆمەڵێک وەرامی خۆی هەیە. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوە بێت کە کۆمەڵگەی ئەمریکای لاتین هێزێک بە لای پۆستکۆلۆنیالیزمدا ڕایان دەکێشیت. بێگومان چەند شێوەیەک هەیە، نوخبەیەکی ئابووری هەن کە سەرمایەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سێبەری کۆلۆنیالیزم و دەوڵەمەندییەکەیان بووە بە نینۆکێک و دەچێت بە چاوی کۆمەڵانی خەڵکدا. زۆر بە سادەیی دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگەی ئەمریکای لاتین لەگەڵ لێکدانەوەی چەپەکاندا دەگونجێت و سەر بە چینەکانی کۆمەڵگا بووەتە ناسنامەیەک بۆ تەبەقەکان. دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە زۆربەی ئەو شەڕانەی لەو کیشوەردا کراون، فۆرمێکی ئایدۆلۆژیایان لە پشتەوە بووە.
هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەمریکای لاتین بە چاوێکی توڕەوە لە

هەبوونی ولایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لە ولاتەکانیان دەڕوانن، بۆ نمونە پشتیوانی ئەمریکا لە دیکتاتۆرەکانی ئەو ولاتانە لەسەردەمی شەڕی سارد دا. هەتا ئێستاش خەڵکەکە وا هەست دەکەن کە لە سێبەری دەستەلاتداری زەبەلاحی دەولەتی ئەمریکادا دەژین و ڕاست یان هەڵە، "ڕاپەڕین" بەدژی ئەو دەستەلاتە وەکو بەردەوامی بۆ بەدەسخستنی ئازادی و گەشەپێدانی خۆیان دەبینن.
دیارە زۆربەی کێشەکانی ئەو کیشوەرە لە تەبیعەتی حالدا، کێشەی ناوخۆین، بەلام سیاسییەکان زیرەکانە هەموو شکستەکانی خۆیان بە سندوقی دراوی نێونەتەوەیی و مۆدیلی "لیبرالیزمی نوێ"وە گرێدەدەن، مرۆڤ وا هەست دەکات کە کێشەکان لە دەرەوە هێنرابێتن. هەندێک شت خراونەتە سەر کەرتی تایبەت و هەندێک ریفۆرم کران لە سالانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، تا بتوانن تەرازووی بودجەکانیان ڕابگرن. ئەو ریفۆرمانەش بە نابەدلی کران، لە پێوەندیش لەگەل فرۆشتنی شەریکە دەولەتییەکاندا ناتەبایی هەبوو. بەلام "لیبرالزیمی نوێ" نەکرایە مەڕە ڕەشەکە لە پێوەندیی لەگەل بۆ دواوە هەنگاو هاویشتندا، لەگەل ئەوەشدا ئەو ولاتەی کە لە هەموان زیاتر ڕەدوی ئامۆژگارییە ئابووریەکانی لیبرالیزمی نوێ کەوت، شیلیە بەلام لەبەراوردا باش بەرەو پێش چووە.
دیارە هەڵە نییە ئەگەر وەکو بەرهەمی کارکردنی دیموکراتی تەماشای چەپگەرایی ئەمریکای لاتین بکەین. چوارچێوە سیاسییە کۆنەکان، مانای خۆیان لەدەست دەدەن کاتێک لایەنگران و دەنگدەرانی چەپ خۆیان لە نێو ئەو شێوە سیاسەت و ئاوازانەی ئەواندا نابینەوە. لە جیاتی ئەوە هێزێکی سیاسی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە پەیامەکەی جێگای بڕوایە. دیارە دوای ئەوەش دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە ئەو سەرۆکانە لە داهاتوودا چۆن دەتوانن سەرکەوتن بەدەسبخەن. تا ماوەیەکی دیارینەکراویش سەرکردە چەپەکانی بۆ نمونە ڤەنزوێلا و بۆلیڤیا، کەیفی خۆیان دەکەن بەو بڕوایەی کە دەنگەدارنی چەپ پێیان داون، بەلام بێگومان ئەم مانگی هەنگوینییە هەتاهەتایی نابێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (UNT).